## مێوان دۆسی کوردان

ڕۆژێ لە ڕۆژان کابرایەک ئەبێ لە گوندێک دەژی. لەو گوندەش هەمووکەس یەکتریان دەناسی و دەرگای هەر ماڵێک هەمیشە بەرەو مێوان و هەموو کەس کراوە بوو. ئەم کابرایەش لە ژیانی دا قەت لە گوندەکەیان نەڕۆیشتوو بووە دەرێ. بەڵام دۆست و برادەرەکانی، کە زۆر شوێن گەڕابوون و دونیادیوە بوون، دیان گوت پێی: "کاکی برا تۆ دەبێ بۆ جارێکیش بووبێ، بچیە دەرێ و سەردانی شار بکەی. ئەوێ زۆر خۆشە و شتانێک دەبینی کە لەژیانت دا قەت نەتبینیوە."

کابرایش ئەدی بڕیاری دا، کە ڤیروسیا، هەر دەڕۆم و شاریش دەبینم و جا کەوتە ڕێ بەروە شار. ڕێگاکە دوور بوو و دواجار کابرا گەیشتە شار. زۆری برسی بوو، لەهەمان کات سەریشی سووڕمابوو بە کوچە و کۆڵان و بینا و کاخە دەگمەنەکانی شار. مزگەوت و بازاڕی گەورەیشی بینی، کە پێی سەیر بوو. بەڵام لە گشتی سەیرتر، زگی بوو کە هاواری برسێتی دەکرد.

کابرا لەماڵەوە هەندێک پەنیری کوردی لەگەڵ خۆی هێنا بوو. جا ئێستا بەس پێویستی بە هەندێک نان و گردەنان بوو کە پێیەوە بخوات و زگی تێر بێ. جا ڕۆیشت بۆ لای نانەوایەک و داوای پێنج نانی کرد. ئەمجا پەنیرەکەی خستە ناو نانەکە و بە تامەوە خواردی. دواجار داوای ئاویشی کرد و دەموچاوی پێ شورد و لە نانەواکە چووە دەرێ.

"ڕاوەستە ": نانەوا بانگی کرد، "لالۆ تۆ هێشتا پارەکەت نەداوە!"

"پارەی چ بدەم کاکە؟": کابرا پرسیاری کرد بە سەرسوڕماوی.

"پارەی پێنج نانەکە": نانەوا بە تووڕەیی وڵامی داوە.

کابرا جا تێفکری و دواجار گوتی: "کاکە، ئە من هەر ڕۆژ دۆست و برادەرەکانم دێن بۆ ماڵم و بە ئارەزۆی خۆیان نان دەخۆن و تا ئێستا بەڵام قەت هیچ برادەر و کەسێک پارەی گردەنانی نەداوە بە من. ئەگەر ئەم بنەمایە گۆڕدراو، ئەوا ،میش ئەوکات بۆخۆم دێم بۆ لات و پارەکەت بۆ دەهێنم." ئەمجا کابرا سەری خۆی هەڵ گرت و ڕۆیشت.